

# ڕەنگێکی ناوازە بۆ پرچت هەڵبژێرە

ئەگەر سەیری پرچی کچان بکەین، هەر یەکە جۆرە ڕەنگێکە، کچانیش وەك خولیایەکی خۆیان حەز بە جوانی پرچ و ڕەنگ کردنیان دەکەن، گرنگی جوانی ڕەنگی پرچیش چی لە جوانی ماکیاژ کەمتر نییە، وەك دەزانین ئەگەر کچێك پرچی جوان بێت و ڕەنگەکەشی ناوازە بێت، دەبێتە شۆخێك لەناو کچانی دیکەدا. ئێستا کچان پرچیان بە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر ڕەنگ دەکەن، وەك ئەو ڕەنگانەی کە لەلایەن کچانەوە باوی هەیە کە ئەوانەن: سوور، خەنەیی، زەرد و سووری ئاگرین، قاوەیی، زەردی کاڵ. پسپۆرێکی پرچ دەڵێ: ئێستا ڕەنگی تێکەڵ کە بە پرچی (های لایت) ناسراوە مۆدی سەردەمە، بەڵام مەرجە کە تێکەڵەی دوو ڕەنگەکە یان زیاتر لە دوو ڕەنگ، هارمۆنی و لە یەکەوە نزیك بن، نموونەیەکیشی هێناوەتەوە کە دەڵێ: ئەو کچانەی پرچیان ڕەش دەکەن، ئەگەر هەندێك لە ڕەنگی سووریشی لەگەڵ بێ، زیاتر سەرنج ڕاکێش و جوانتر دەبێ، هەمان شت سەبارەت بە ڕەنگی قاوەییە، ئەگەر بێت و ڕەنگی زەردیشی لەگەڵ بێ، جوان و سەرنج ڕاکێش دەبێ، ئەو پسپۆرە ئەوەشی خستە ڕوو، وا جوانە کۆتایی تەلە مووی پرچ بە ڕەنگێکی دیکە و بە (سپرای) جێگیر بکرێ، تا لەگەڵ ڕەنگی دیکەی وەك جل و بەرگ یان ئێکسسوار گونجاو بێ.





# ئاشنای نینۆک کردنی دروست بە

نینۆک کردن کارێکی وردە، زۆربەی کچان بە دەستییەوە گیرۆدەن، هەندێ جار گرفتیان بۆ دروست دەکات، بە تایبەت لە راست کردن و جوان بڕینی نینۆکدا، چونکە لە دوای نینۆک کردن، بۆیە کردنی ئاستەم دەبێ ئەگەر نینۆکەکان یەکسان و هاوشێوە نەبن. بۆ نینۆک کردنی دروست وا باشە ئاگاداری ئەم خاڵانە بین:

-بەر لە نینۆک کردن، بۆ ماوەی (٥) خولەك هەردوو دەستت بخە ناو ئاوی شلەتێنەوە، تا نینۆکت نەرم بێتەوە بۆ قرتاندن.

-ئەگەر خووت بە نینۆك قرتاندن بە ددان گرتووە، دەتوانی رێکخەری نینۆك بەکار بهێنی و راستیان بکەیەوە.

-هەرگیز بە مەقەس نینۆکت مەبڕە، چونکە ئەزیەتی ناو نینۆکەکە دەدات، رەنگە هەندێك جار بیشکێنێت.

-کە نینۆکت دەکەی، مەهێڵە نینۆکبڕ بەر پێستی نزیك لە نینۆکەت بکەوێ، چونکە ئەگەر بەری بکەوێت برینداری دەکات، پاشان دەبێتە برین و نینۆکت دەشێوێنێ.



# کڵاو بە لیرە و موورووی کوردەواری

جاران ئافرەتان، لە هاوین و زستاندا، کڵاو و سەرو بەستیان لە سەر دەکرد. کڵاوی ژنانە پێشتر لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا باو بوو کە لەگەڵ جلی کوردی لە سەر دەکرا، کڵاوی پێشان لە قوماش دروست دەکرا، پاشان بە لیرە و مووروو و نقێمی جوان دەیانڕازاندەوە. یان بە پوولەکەی رەنگاوڕەنگ و بە مێخەکی بۆن خۆش جوان دەکرا. کڵاوی ژنانە زیاتر بە دەست دروست دەکرا، دیمەنێکی قەشەنگ و جوانی هەبوو، رازاندنەوەی کڵاو بە قاش قاشی لیرە بوو، ریزە لیرەیەك لە دامەنی کڵاوەکەدا بەسەرووی ناوچەوانی ژنانەوە شۆڕ دەبۆوە. گەردانەیەك مووررووی جوانیش بە بەر و گەردنی ئافرەتاندا شۆڕ دەبۆوە. کڵاوی ژنانە، هەر بۆ جوانیی نەبوو، بەڵکو سەر و پرچی خانمانی کە لە سەرمای زستان و گەرمای هاوینە دەپاراست. هەندێ جار کڵاوی ژنانە لەگەڵ رەنگی جل و بەرگی ئافرەتەکەدا هاوڕەنگ دەبوو. کڵاو، کچان دەکاتە شۆخێکی جوان، بە تایبەت ئەگەر لەگەڵ جلی کوردی لە سەر بکرێ، ئافرەتانی جاران بەردەوام سەر و کڵاویان لەسەر بوو تەنانەت بۆ زەماوەند و هەڵپەڕکێ و بۆنەی تایبەت و میوانی، لەم سەردەمەشدا لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا لەگەڵ جلی کوردیدا کڵاو لەسەر دەنێن، خانمان بە لەسەر نانی کڵاو هێندەی دی جوان و رازاوەتر دەبن.





# گوڵ ردێن!

ئەگەر پیاوێك بەلاتانەوە رەت بوو، ردێنیشی گوڵدار بوو، ئەوەندە بە دیقەت سەیری مەكەن و بڵێن ئەوە چ جۆرە مۆدەیەكە، چونكە شتێكی تازە نییە، ئەوەتا لەلایەن كۆمەڵێك پیاوی ریش درێژەوە لە ولاتی ئەمریكا، مۆدەیەكی تازەیان داهێناوە كە ردێنیان لە شێوەی باخچەیەكی بچووكی گوڵدار لێ كردووە، تەنانەت بە ردێنی گوڵداری ناو دەبەن. شاری برۆكلین و پۆرتلاند و سان فرانسیسكۆی ئەمریكی بە شاری ردێن و پرچی درێژ بەناوبانگە، كە پێشتر لە هەمان ئەو شارانەدا پێشبركێ درێژترین ردێن و سمێڵیان ساز كردووە. مۆدەی تازەی گوڵ ردێن، بۆ جوان كردنی سیمای روخساری پیاوانە، بە تایبەت ئەوانەی كە ریش و سمێڵیان درێژە.

# سەیرترین نمایشی جەستە

وێنەكێشی و پەیكەرتاشی، هونەرێكی زیندووە، ژمارەیەكی زۆر لە هونەرمەندان و وێنەكێشان لە جیهاندا هەن، تەنانەت لە پێشتریشدا چەندین بلیمەتی جیهانی دەركەوتوون، كە بە دەستی خۆیان وێنە و تابلۆی وایان كێشاوە، جێگەی سەرنجە، بەڵام ئەو قسانە پێچەوانەی كارەكانی هونەرمەند و وێنەگر و وێنەكێشی ئەرژەنتینی (ئێما فای)یە، كە رێگەیەكی دیكەی دۆزیوەتەوە تا لە بواری وێنەكێشاندا داهێنان بكات. ئێما بیری لە وێنەكێشان كردۆتەوە لەو كاتەی جەستەی مرۆڤ بەكار بهێنێ تا هونەرێكی تازە بێنێتە دی، لە كارەكەشی سەركەوتوو بوو، ئەوەتا لە جەستەی كچ و كوڕانەوە چەندین شێوەی گیاندارانی وێنە كێشاوە! لە وێنەكاندا وا دیارە كە ئەوانە جاڵجاڵۆكە و زەڕافەن، بەڵام ئەگەر لێیان وردتر بیتەوە دەزانی كە ئەوانە مرۆڤن و خۆیان چەماندۆتەوە. ئەوەی سەیرە، تا پێت نەڵێن ئەو وێنەكێشانە وایە، هەرگیز هەستی پێ ناكەی، جەستەیان ئەوەندە بە جوانی رەنگ كراوە و چەماندۆتەوە وەك ئەوەی گیاندارێك بن.











# پاداشتی ئەکتەرانی دراماکانی ڕەمەزان

زۆربەمان تەماشای ئەو زنجیرە درامایانە دەکەین کە لە مانگی ڕەمەزاندا لە کەناڵی لۆکاڵ و ئاسمانی نمایش دەکرێن، تەنانەت خانمان زیاتر حەز بە سەیر کردنی زنجیرەکان دەکەن، لە مانگی ڕەمەزانیشدا چەندین زنجیرەی کوردی و بیانی دەردەکەون و نمایش دەکرێن، بەڵام لێرەدا دەکرێ سەرنجێك بدەینە ئەو ئەکتەرانەی زیاتر لە زنجیرەکاندا دەردەکەون، ئەوەتا زۆربەیان بە بڕە پارەیەکی خەیاڵی بەشداری دراما دەکەن، لێرەدا بڕی پارەی ئەو ئەکتەر و هونەرمەندانە باس دەکەین کە بە چەند بەشداریان کردووە لە زنجیرەکان، گرانترین گرێبەستی زنجیرە دراما، لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی میسری عادل ئیمامە، کە بە (٤) ملیۆن دۆلار بەشداریی لە زنجیرەی (صاحب السعاده) کردووە، پاشان (هەیفا وەهبی) دێ، کە بە بڕی (٣) ملیۆن دۆلار بەشداریی لە زنجیرەی (کلام علی ورق) کردووە، هەر یەکە لە (غادە عەبدولڕەزاق و مریام فارس)یش، بە بڕی (١) ملیۆن دۆلار بەشدارییان کرد.

سالآنێکە، چەندین کارخانە و کارگەی
دروست کردنی کەل و پەل، بە بەرهەمی سەیر، توانیویانە
سەرنجی زۆربەی خەڵك بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان ڕابکێشن،
هەندێ لەو کەرەستانە جێگەی سەرنجن، کە جگە لەوەی بەم شێوە سەیرە
دروست دەکرێن، کەچی خواستی زۆری لەسەرە لە لایەن خەڵکەوە. کارگەی (ڤالانتینا
گۆنزرالیس)ی پورتوگال کە تایبەتە بە دروست کردنی کەل و پەلی ناو ماڵ، ئەوەتا لە دوا
بەرهەمە سەیرەکانیدا، چەندین کورسی سەیر و سەمەرەی دروست کردووە، شێوەی ئەو کورسیانە،
هەر یەکە جۆرە چەشنێکن، ئەوەی سەیرە شێوەیەکی جیاوازی هەیە لە کورسی ئاسایی، وەك ئەوەی
کەرەستەیەکی دیکە بن، بەڵام لە ڕاستیدا کورسی دانیشتنە. ڕەنگە لە داهاتوودا، شێوەی کەرەستەی ماڵ، لە
شێوەی ڕەواڵەتی خۆیان نەبن، بەڵکو دیمەنێکی دیکە ببەخشن، وەك ئەوەی، کورسی دانیشن لە شێوەی
ئوتۆمبێلێکی بچووك وابێ، تا ئێستا ئەو بیرۆکەیە جێبەجێ نەکراوە، چونکە
بیرۆکەیەکی ئەو کۆمپانیایە پورتوگاڵییە لەو بوارەدا.

## کورسی سەرنج ڕاکێش ببینە!





**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
لەگەڵ ئەوەی باری دەروونیت خراپە ئەمڕۆ چارەسەریی بۆگرفتێکی خێزانی دەدۆزیتەوە بەڵام سەرناگرێت. گەشتێکت دێتە پیش کاریگەری لەسەر ئایندەی ژیانت دەبێت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
دواکەوتنت لەئەنجامدانی کارەکانت تووشی خەمۆکیت دەکات. دەتوانیت ڕووبەڕووی کێشەکانت ببیتەوە بەمەرجێك هەڵنەچیت لەتووڕەبوون.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
ئەمڕۆش لەو پەڕی ڕۆمانسەیەتدایت. هەندێك هەڵسوکەوت دەکەیت دەبنە مایەی سەرسامبوونی دەوروبەرەکەت و لەگەڵ کەسایەتیە تەماویەکەتدا ناگونجێیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
کەسانی دەوروبەرت ناتخوێننەوە بۆیە پێویستە زیاتر لەرەفتارو قسەکردندا لە ئاڵۆزی دوورکەویتەوە. دیارییەك لە دۆستێکی دێرینت بەڕێوەیە، گرنگ ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکەیت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
باری سۆزدارییت لە لووتکەدایە. بەڵام لەرووی پیشەییەوە دواکەوتوویت . هاوسەنگی لەنێوان دڵ و عەقڵدا پێویستە. هەر هەنگاوێت نا بیر بکەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
ئەگەر لە پیشەکەتدا سەرکەوتوو نیت و کێشەت بۆ دروست دەکات. باشتر وایە بوێرانە دەست بەرداری ببیت. ئەمڕۆ پارە بە قەرز مەدە. مەیدە بەکەسیش.



# شاجوانی پەپوولەکان

لە دارســـتانەکانی ئەمریکای باشـــوور جۆرە پەپوولەیەك دۆزرایەوە کە بە جوانترین پەپوولەی جیهان هەژماردەکرێت، بەجۆرێك نازناوی شاجوانی پەپوولەکانی پێدراوە. لەمبارەوە ڕۆژنامەی (الامـــارات الیوم) بڵاویکـــردەوە کە ئەم جۆرە پەپوولەیـــە زۆر جوانە و بـــە (ڕۆزی) ناونراوە، هەروەها ئەم پەپوولەیە لە شـــەو و ڕۆژێکدا تەنیا دووجار دەردەکەوێت و درێژییەکەی بریتییە لە (نیو) ســـانتیمەتر. جگە لەمانەش ئەم پەپوولەیە زۆر شەرمنیشە!

## زانیاری بەسوود!

- دەزانن وشـــەی (نۆکیا) کە کۆمپانیایەکی گەورەی مۆبایلە، ناوی شارێکە لە وڵاتی فنلەندا! ناوی ڕووبارێکە بە یەکێك لە شـــارەکانی ئەو وڵاتە دەڕوات، ناوە ڕاستەقینەکەی (نۆکیان ڤێرتا)، دواتر بە هۆی درێژی کراوەتە نۆکیا !



## ماناى خەون

**چەقـــۆ :** چەقـــۆ لە خەودا نۆکەر و خزمەت کارو کۆســـپە لە بەردەم خاوەنەکەی، چەقۆکـــە چەند تیژ بێت ئەو نۆکەر و خزمەت کارە ئەوەندە چالاك و بە توانا دەبێ، ئافرەت لەخەودا ببینێ چەقۆی پێیە ئەوە کەســـێکی خۆش دەوێت، چەقۆی سەربڕین قەسابە، چەقۆی سەرباز هێزو تونایە، چەقۆ لە خەودا بەڵگەیە، ئەو کەســـەی چەقۆ لە خەودا ببینێ بە یارمەتی نۆکـــەر و خزمەت کارێـــك بە هێز دەبێت و پارەی دەســـت دەکەوێت، ئەو کەســـەی چەقۆ قوت دات پارەی کەســـێك دەخـــوات یان خەرج دەکات، چەقۆ لەخەودا منداڵێکی کوڕ یان پارەیە، ئەو کەسەی لەخەودا چەقۆی بدرێتێ لە ڕاستیدا پارەی دەســـت دەکەوێ، ئەو کەســـەی لە دادگا کێشـــەی هەبێت و لەخەودا ببینێ چەقۆی بەدەستەوەیە، ئەو چەقۆیە بەڵگەی ســـەرکەوتنە بۆ ئەو کەسە، هەروەها ئەو کەسەی لەخەودا چەقۆی بدرێتێ خێر و پارەی دەست دەکەوێت.



## نوکتە

- جمکە منداڵێك دەبن، هەموو جارێك دایکی لێی تێك دەچی کە چی بۆ کامەیـــان کردووە، ڕۆژێکیان یەکێك لە جمکەکان دەچێتـــە دوای جمکەکەی دیکە و بانگی دەکا، دەڵێ: ئەوە لـــە کوێ تۆ لە بەیانییەوە دایکم دوو جار سەرم بشوات !


- باوکێـــك بە منداڵێك دەڵێ: ئەگەر مامەڵەی شـــت و مەکـــت کرد، هەردەم نیوەی نرخەکەی بڵێ. منداڵەکە جارێك دەچێتە بازاڕ و بە دووکاندارێك دەڵێ: ئەو پێڵاوە بە چەندە، دووکانداریش دەڵێ: بە (٢٠) هەزار، منداڵەکەش دەڵێ: بە (١٠) هەزار نابێ؟ ئیدی زۆر پرسیار دەکات و دووکاندارەکە تووڕە دەکات، دووکاندارەکەش دەڵێ: ئەگەر ئەوجارە پرســـیار بکەی، (٥٠) شـــەقت پێ دەکەوێ! منداڵەکەش دەڵێ: (٢٥) شەق نابێ!

## وێنە و بیرکردنەوە

- لەم وێنەیەدا گیانلەبەرێك هەیە، هەوڵبدە بیدۆزیتەوە!



## وتەی ناوداران



**- چارلس داروین، لەبارەی تێنەگەیشتنەوە دەڵێ:**
زۆربەی مرۆڤەکان ڕاهاتوون، کاتێك لە شتێك تێناگەن، پاشان دەست دەکەن بە گاڵتە کردن بەو شتەی لێ تێنەگەیشتوون.

## تابلـــۆ



**- تابلۆی خانوو**

یەکێکە لە تابلۆی قوتابی (خۆزگە حەسەن)، لە قۆناغی پێنجەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، کە وێنەکەی گوزارشت لە خانوویێك دەکات، تیایدا چەند پەنجەرەیەك بە دەست ڕەنگینی ئەو خاتوونە کاری بۆ کراوە، لە خوارەوەش ئاماژەی بە دەرگایەکی قوفل کراو کردووە.

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
لەکارە مەترسیدارەکان دووربکەوە و خۆت مەخەرە ناو گیرو گرفتی پەیوەندیدار بەپارەو پووول، لە بڕیارداندا پشت بەخۆت ببەستی باشترە لەو کەسانەی کە بەرژەوەندی تۆیان ناوێ.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
لەبەرامیەر گرفتە پیشەییەکانت ئەژنۆت نەلەرزێ . گومانت لەدڵسۆزی خۆشەویستەکەت نەبێ، ئەو جێگەی ئەو پەڕی متمانەو ڕێزە، دەبێ قەدری بزانی.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
لەڕووی داراییەوە کێشەیەکت بۆ دروست دەبێت بەڵام بەیارمەتی کەس و کارت کۆتاییان پێ دێت و کاریگەری لەسەر بودجەی مانگانەی خێزانەکەت نابێت، ئەگەر بەهۆشیاریەوە مامەڵە بکەیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
ئەمڕۆ ژیانت ئارامەو دیدارێکی ڕۆمانسی بەڕێوەیە. کارەکانت بێ گرفت بەڕێوەدەچن ..خەمە خێزانییەکانت کۆتاییان پێدێت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
هەوڵ بدەگرفتە ڕۆژانەییەکانت چارەسەر بکەیت تا بتوانیت لەبواری کۆمەڵایەتی و پیشەییدا هەنگاوی سەرکەوتوانە بهاوێیت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
ئەمڕۆ ڕۆژێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لەهەستی بەرامبەرەکەت بگەیت. هاوڕێیەکی دڵسۆزت پەیوەندیت پێدەکات و دەرفەتی قازانجێکی باشت بۆ دەڕەخسێنێت. دەرفەتی باش لەدەستی خۆت مەدە.